# له چاوەڕوانی سورەسوارەدا

**هۆنراوەی: حەمە عەزیز**

**بۆ هاوڕێ حەمە حسێنی کەریمی**




بێرەوە ئاسمان جلّەوتە، ئەسپی ژێرت مەشخەڵە
باڵگرە، تیژرەوبە، هەستە سورەسواری کۆمەڵە
زوکە سەنگەر ئاوەدانکە رەنجدەری ماندونەناس
ئارەقەت بۆ نۆبەرەی نان، بۆتە بارانی پەڵە
رابە نەفرەتکە لە مەرگ و هەستەوە بۆ کارورەنج
کەی ورەی ئینسانی کارگەر ئاسەواری کۆتەڵە؟
شۆڕشە، هەستە لە بۆسە و لەمپەڕی رێ شل مەکە
شۆرش و گیانبازی زادە و خەسڵەتی وەک تۆی کەڵە
دێ بە دێ پێشمەرگەیە، شاری لە سەنگەر گرتووە
گێژەنی ئەو ئاگرە سورە وا لەسەر تۆ ماتڵە
خۆر لە ئامێز بگرە ئاسۆی بەندەنان ئاخێز مەکە
مەشخەڵان کوا جێ هەواری تەمتومانی دوکەڵە؟
دەرکەوە نم نم بباری سەوزی کە مەزرای گەنم
نان و هەرزانی بەهایان ڕەنگی تۆی تیا تێکەڵە
بێرەوە جوانوی لەبەفرا کورژن و چوارپەل تەزیو
پۆلە ئەستێرەی کەنارگرتووی بەدوای خۆردا تەریو
باسکی وا پاڵەی لە کار و کێڵگەدا رەش هەڵگەڕاو
روندکی گوندی لە مستێ خاک بەزۆر راگوێزراو
تاوڵ و ڕەشماڵی ڕەوەندی بێ هەواری گەرمەسێر
ژیلەمووی گڕکانی هەڵچووی ژانی ئینسانی بوێر
بەژنی لوتکەی هەڵکشاوی زۆر سە رو بەژنی هەتاو
مارشی کۆمونەی گەرووی خۆری شەوی ئەنگوستەچاو
سواری زریان بە، برۆ، چەخماخەدە، پێش با کەوە
بیهەژێنە شەنگە باڵای کاک فوادم سەر بەوە
دەرکەوە، هۆبە بە هۆبە بەردەبازی رێگەتن
ڕەنجدەرن، خەڵکی هەژارن، کارگەری بەش مەینەتن
بێرەوە ئاسمان جلّەوتە، ئەسپی ژێرت مەشخەڵە
باڵگرە، تیژرەوبە، هەستە سورەسواری کۆمەڵە